# له ئەسپەوە

# بۆ

# خەرەنگەز

حەمەسەعید حەسەن

(هەرگیز پێشبینی مەکە، ئەگەر نیشانەت ئەنگاوت، کەس ستایشت ناکا، ئەگەر نەتپێکا، لێت دەکەن بە قاو)

ینك هەندێ ئێسك ببە كلك دەشكێنێ. ئەوی ڕاستەوخۆ نەیەوێ بیکا، لە ڕێی کلکەکانییەوە جێبەجێی دەکا. ئەمساڵ بۆ ئەوەی زیان بە ڕەوتی کیسەڵئاسای کاروانی ئاشتی نەکا. دەبوو ڕاستەوخۆ دژی نسکۆ مەزنەکەی ٣١ی ئابی هیچ نەڵێ، بۆیە ئەو ئەرکەی بە هەندێ کلکە سویدنشینەکانی سپارد.

*

مام جەلال دەڵێ: (جوندی ئیسلام وەك سەگی گروێ وەتاق کەوتوونە) (١) ینك چونکە ڕەخنە لە نەیارانی ناگرێ، بەڵکوو هەر جنێویان پێ دەدا، بۆیە ڕەخنە بە هاووڵاتای جنێو دەزانێ و ئەوی ڕەخنەی لێ بگرێ، پێی وایە جنێوی پێ داوە. ئەوەتا مام جەلال دەڵێ: (حککع لە بەیانییەوە تا ئێوارە جنێویان پێ دەدایین. ) (٢) واتا: ڕەخنەیان لێ دەگرتن.

**

کارەسات ئەوەیە دوژمنی بەدکار بتوانێ بۆ ئەو زلکاوەی تێیدا دەژی، کێشت بکات و تۆش هانا بۆ ئەو چەکە پۆخڵە ببەی کە ئەوی مایە پووچ، هانای بۆ بردووە. من وەك ئەهلی قەڵەم، لە فیردۆسییەوە فێر بووم، شەڕ بە چەکی پۆخڵ نەکەم و هەرگیز هانا بۆ درۆ و جنێو کە چەکی ئەهلی جڕتە، نەبەم. منداڵ لە بێدەسەڵاتییەوە، دەشێ جنێو بدات و ترسیش ناچاری بکا، هانا بۆ درۆ ببا. جنێوفرۆشان، درۆزنان، جڕتلێدەران و ترسنۆکان، بەو منداڵە بەستەزمانە دەزانم و پڕ بە دڵ بەزەییم پێیاندا دێتەوە.

***

دۆکتۆر مافی ئەوەی نییە، نهێنییەکانی نەخۆشەکانی بدرکێنێ، ئەمە بە ئینگلیزی: professinol secresy و بە سویدی tystnadssplikt ی پێ دەڵێن. جێی داخە هەندێ لەو دەروونناسانەی دەرچووی قوتابخانەی باڵای نووسینەکانی منن، ئەم یاسایە ڕەچاو ناکەن. ئینسانی ئاسایی ئەگەر هەستی کرد، کەسێ نەخۆشە، درۆی بۆ هەڵنابەستێ، جنێوی پێ نادا، بەڵکوو هێندەی بۆ بکرێ، لە ئازاری کەم دەکاتەوە و دەشێ بۆ نەخۆشخانەی ببا و تەنانەت خوێنیشی پێ ببەخشێ.

دەڵێن جارێکیان سەرسەرییەك تفێکی کردووەتە ڕووخساری مامۆستا گۆران، کە جنێوم پێ دەدەن و درۆم بۆ هەڵدەبەستن، بەسەرهاتەکەی مامۆستا گۆران و ئەو سەرسەرییە قەڵەندەرەم بیر دەکەوێتەوە.

****

ئەو دیوی شاخی گوێژە کە بەسەر سلێمانیدا دەڕوانێ، ڕووتەنە، ئەوی لەو شارە بژی، ئەمە دەزانێ، گرنگ ئەوەیە ئەو دیوەکەی تری گوێژەت نەدەبیێ و بزانێ چلۆنە. ئەویش هەر ڕووتەنە، یان تژییە لە کانی و درەخت؟ لە کۆتایی سێپتێمبەردا لە نووسینێکمدا بە ناونیشانی: مردن بۆ بوش و بن لادن، پێشبینی ئەوەم کردبوو: ینك لەژێر گوشاری ئێراندا، مل بۆ ئیسلامییەکان کەچ دەکاتەوە. وەك هەنووکە لە کەس نهێنی نییە، پێش ئەوەی چلەی قوربانییەکانی ئاوایی خێڵی حەمە بچێ، پێش ئەوەی تۆڵەی تاقە یەکێ لەو سەرپەڕێندراوانە بکاتەوە، ینك دەستی تەوقەی بۆ سەری مارەکە درێژ کردەوە و گەڕایەوە سەر بەندەکانی پەیمانی ١٩٩٧ی ئاران. لافاوی خوێنی ئاوایی خێڵی حەمە بەفیڕۆ چوو، دیسان ملی هەڵەبجە کەوتەوە ژێر شمشێری ئیسلام، جا ینك ئەو شەڕەی نەکردبا و ئەو گوڵە مێژوویی و گوشندەیەی٢٣ی سێپتەمبەریشی لێ

نەکرابا، چاگتر نەبوو؟ جا ینک هێندەی تەنازول بۆ ئیسلامی سیاسی دەکا، نیو هێندەی بۆ پدك کردبا، ئێستا کوردستان ڕووناکتر نەبوو؟ من ئومێدم بە کێتی نییە، وەڵێ بۆ میری کوردستان، لە نێوان مام جەلال و خودی پێغەمبەردا، ئەگەر زیندوو ببێتەوە، یەکەمیان هەڵدەبژێرم.

٢٠٠١/١٠/٢٠

(١) و (٢) کوردستانی نوێ٢٠/١٠/٢٠٠١

Kurdistan Nêt